جیاوازی لەنێوان کاری بازرگانی و کاری سیاسی ئەوەیە، یەکەمیان ئەگەر قازانج نەکات و سەرمایەی لەکورتی بدات وازی لێدەهێنرێ، دووەمیشیان ئەگەر لێکدانەوەو بۆچوونەکانی ڕاست دەرنەچوون دەستی لێهەڵدەگیرێ. هاوکات ئەگەر لێکدانەوەو بۆچوونەکانی بازرگان ڕاست و دروستیش بێنەوە، بەڵام ئەگەر قازانج نەکات بە بازرگانێکی شکستخواردوو دادەنرێ، کەچی سیاسەتمەدار ئەگەر قازانج و سوودیش بکات، بەڵام لێکدانەوەو بۆچوونەکانی ڕاست دەرنەچن بە سیاسەتمەدارێکی نەزان و دۆڕاو دادەنرێ. بەوهۆیەوە بازرگانی سەرکەوتوو یان شکستخواردوو، سیاسەتمەداری لێهاتوو یان دۆڕاو دەناسرێن و پۆلێن دەکرێن.

هێزی کاری بازرگانی لە قازانج کردن و زۆرکردنی سەرمایەکەیدا خۆی دەبینێتەوە، بەڵام هێزی کاری ڕامیاری بەراست دەرچوونی پێشهات و لێکدانەوەکانی ئەرێنی وەردەگرێ، بۆیە هەر حزب و ڕێکخراوێک ئەگەر هێزێکی سەربازی گەورەشی هەبێ، دەستەڵات و سەرمایەشی هەبێ، بەڵام پێشبینیەکانی پێچەوانە بێنەوە، لێکدانەوەکانی سەرچیخ بڕۆن، بۆچوونەکانی بەهەڵگەڕاوەیەی بدۆزرێنەوە پێوانەی هێزێکی سیاسی بۆ ناکرێ، وەکو هێزێکی داراو چەکدار دەمێنێتەوە.

بازرگانان و هاودەستەکانیان بەردەوام تێڕامان و وردبینی لە سەرمایەو داهات و قازانجەکانیان دا دەکەن، بەوهۆیەشەوە سنووری خۆیان دەناسن و دەزانن **کەی** و لە**کوێ** بوەستن یان خێراتر هەنگاو هەڵبگرنەوە، سیاسەتمەدارانیش دەبێ لانی کەم مانگانە چاوێک بە لێدوان و لێکدانەوەو بۆچوونەکانیان دا بخشێننەوە، ئەگەر پێچەوانە

# چاوێک بە لێدوان و بۆچوونەکان بخشێننەوە!

ڕێکار ئەحمەد

هاتبوونەوە دەبێ دەریچەیان بۆ بدۆزنەوە، ئەگەر گۆڕانکاری و پێشهاتەکانیش سەر ڕاستی کردبوونەوە دەکرێ درێژەیان پێبدرێ.

مێژووی دوورو نزیکی گەل و وڵاتان چیرۆکی ئەو بازرگانە شکستخواردووانەی تۆمارکردووە کە لە ئاکامی زیان لێکەوتن و قازانج نەکردن دا وازیان لە کاری بازرگانی هێناوە، چیرۆکی ئەو سەرکردەو سیاسەتمەدارانەیشی نووسیوەتەوە کە چونکە لێدوان و لێکدانەوەو بۆچوونەکانیان پێچەوانە هاتوونەتەوە، بوێرانە وازیان لەکاری سیاسی هێناوەو بەرەو ژیانی ئاسایی گەڕاونەتەوە، بەڵام ئەگەر یەکەمیشیان لە کوردستاندا نموونەی هەبووبێ، دووەمیان لەواری کرداریدا بەرچاو نەکەوتووە، ئەمەش کێشەو گرفتەکانی کوردستانیانی گەورەتر کردۆتەوە.

بازرگان و کۆمپانیاکان ئەگەر بەمەبەستی قازانجی زیاتر ساختەکاری لە کاڵاکانیان دا بکەن، فێڵ لە کڕیارەکانیان بکەن بە فێڵباز دەناسرێن و دوورەپەرێزیان لێدەکرێ. سەرکردە و ڕێکخراوە سیاسیەکانیش ئەگەر بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی دەستەڵاتەکەیان هەڵمەتی چەواشەکاری بەڕێوەببەن، بەڵێنی جۆراوجۆر بە جەماوە بدەن و جێبەجێیان نەکەن، بە ناڕاست و فریودەر دەناسرێن.

ئەگەر بازرگانان پێویستیان بە ڕاو سەرنجی دیتران نەبێ و خۆیان بەدواداچوون بۆ کارەکانیان بکەن، بەڵام هێزە سیاسیەکان و سیاسەتمەداران وێڕای ئەوەی کە پێویستە چاو بە ڕابردووی خۆیان دا بخشێننەوە، دەبێ ڕامان و ڕەخنە و هەڵوێستی دیترانیش لەبەرچاوبگرن، لانی کەم لێدوان و لێکدانەوەو بۆچوونەکانی ساڵانەیان بهێننەوە سەر مێزی مێشکیان و بەدواداچوونیان بۆ بکەن.

ئەگەر حزبە سیاسیەکان و سەرکردەکان لانی کەم بەڵێن و لێدوان و بۆچوونەکانی ڕابردوویان وەبیر خۆیان بهێننەوە، لەگەڵ دەرئەنجامەکاندا بەراوردیان بکەن، بۆیان دەردەکەوێ تا چ ڕادەیەک پێشبینی داهاتوویان کردووە! گۆڕانکاریەکانیان خوێندۆتەوە! ئاکام بەچی گەیشتووە!

گرفتی گەورەی کۆمەڵگەی کوردەواری لەوەدایە کە زوو ڕابردووی لەبیر دەچێتەوە، سەرکردەو بەرپرسەکان بەڵێن دەدەن، جێبەجێیان ناکەن، نەخۆیان لەبیریان دەمێنێ، نەکەسیش وەبیریان دەهێنێتەوەو داوای جێبەجێکردنیان لێدەکات.

سەرکردەو بەرپرسەکان لێدوان دەدەن، مژەی جۆراوجۆر بە جەماوەر دەدەن، ئاکام شتێکی دیکە پێشکەش دەکات، کەچی دیسانەوە نە ئەوان لێدوانەکانی خۆیان لەبیر دەمێنێ و بۆی دەگەڕێنەوە نە جەماوەریش ئاگای لە لێدوانەکان دەمێنێ و نەبەدواداچوونیشیان بۆ دەکات.

زۆرینەی خەڵک یان چین و توێژێکی دیاریکراو داخوازی خۆیان بەرز دەکەنەوە، لایەنی پێوەندیدار هاوسۆزیان لەگەڵ دا دەنوێنن و بەڵێنیان پێدەدەن کە داخوازیەکەیان بۆ جێبەجێ بکەن، بەڵام کاتێک داخوازیەکە لەگەڵ شنەبای ئەو ڕۆژەدا دەڕواو ناگەڕێتەوە، جێبەجێ ناکرێ، نە لایەنی پێوەندیدار بەڵێنەکەی خۆی لەبیر دەمێنێ، نە جەماوەرو چینەکەش جارێکی دیکە بەدوای دا دەچێتەوە!

خەڵک و ڕۆشنبیران ڕەخنە لە دیاردەی دزێو دەگرن، پەنجە لە گەندەڵکاران هەڵدەشەقێنن و کەمپین دروست دەکەن، ڕەخنەکانی خۆیان ڕاشکاوانە دەڵێن، بەڵام گوێیان لێناگیرێ، ئیدی بۆ خۆیان ڕەخنەکانیان لەبیر دەچێتەوەو جارێکی دیکە لێی ناپرسنەوە!

ئەمانەو دەیان دیاردەی لەبیرچوونەوەی دیکە کە کۆمەڵگەی کوردستان بەرەو نغرۆبوون دەبەن، کەچی نە هێزە سیاسیەکان خاوەندارێتی لێدەکەن، نە ڕۆشنبیران و نوێنەرانی چین و توێژەکان لەبەرانبەریاندا هەڵوێستە دەکەن.

ئەگەر بەڵێن و لێدوان و لێکدانەوەو بۆچوونەکانی سێ ساڵی ڕابردووی سەرکردەو حزبە سیاسیەکان کۆبکەینەوە، ئەگەر گلەیی و ڕەخنەی ڕۆشنبیران خڕبکەینەوە، ئەگەر داخوازی چین و توێژەکانی کۆمەڵ بەرهەڤ بکەین، دەیان ڕەوسەو جۆخین و شارامان دەست دەکەون کە زۆرینەیان ناکامن، کەچی لەبیر چوونەتەوەو فەرامۆش کراون.

ئەگەر بەڵێن و لێدوانەکانی سەرکردەو حزبە سیاسیەکان لە بەستێنی کێشەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان دا بەتایبەتیش سەبارەت بە ماددەی 140 وەربگرین، دەردەکەوێ کە زۆرینەیان بەلای ڕاستی دا نەڕۆیشتوون و ئامانجیان نەپێکاوە، تەنیا لەگەڵ یاری خاپاندن و چاوشارکێی ژێر خێوەتێکی ڕەش دا کۆ کراونەتەوە. ئەمەش جگە لە ناکامی بەرهەمێکی دیکەیان نەبووە، بەهۆیەشەوە بەڵێن و لێدوانەکان دەپێورێن و هەڵدەسەنگێندرێن، سیاسەتمەداران پۆلێن دەکرێن، کەچی مخابن ئێستاش چاویان پێدا ناخشێننەوە، بە لاقرتێ و پێکەنینەوە درێژەیان پێدەدەن. ئێستاش دان بە شکستی خۆیان دانانێن و پێداگری لەسەر ئەوە دەکەنەوە یان لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا جێبەجێ دەکرێ یان ئەگەر دواشبخرێ لەبەرژەوەندی کێشەی کەرکوک و ماددەی 140 دا دێتەوە !!

گرفت لە بەخۆدانەچوونەوە، لەبەرچاونەگرتنی ڕامانی دیتران و ژێرپێخستنی ڕاستیەکانە، کاتێک دان بە ڕاستیەکان دانانرێ، بێباکانە درێژە بە هەنگاوەکانی پێشوو دەدرێ، سەر لە شکان و نائومێدی و دۆڕان دەردێنین.

گرفتێکی گەورەی کوردستان لەنەخوێندنەوەی ڕاستینی مێژووی سەرهەڵدان و ڕاپەڕین و شۆڕشەکانیەتی، لەهەموو کۆنفرانس و کۆنگرەیەکدا، لە هەموو لێکۆڵینەوەو شرۆڤەیەکدا تەنیا لایەنی ئەرێنی وەردەگرین و پێیدا هەڵدەڵێین، بیر لەهۆکاری شکستەکانیان ناکەینەوە، ڕێبەرەکان بە سەرکردەی لێهاتوو، شارەزا و پاڵەوان دەناسێنین! لە کاتێکدا ئاکامەکان ناسنامە بە سەرکردەو ڕێبەرەکان دەدەن، نەک نووسەری دەم چەورکراو و مێژوونووسی دەربار.

هەر شۆڕشێک ئەگەر شکست بخوات، وێڕای ئەوەی ڕێبەرەکەی بە تێکۆشەرێکی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەر دەناسرێ و یادی دەکرێتەوە، بەڵام هەرگیز سەرکردەی سەرهەڵدان و ڕاپەڕین و شۆڕشی شکستخواردوو بە سیاسەتمەداری لێهاتوو، ڕێبەری هەڵکەوتوو، سەرکردەی زانا دانانرێ، ئەمەش کەمکردنەوە لە شکۆی سەرکردە تێکۆشەرەکە نیە، بەڵکو خوێندنەوەی ڕاستینی مێژووی قۆناغەکە و ئاکامەکەیەتی.

ئێستا لەژێر ڕۆشنایی ئەم لێکدانەوەیەدا سەرکردەو حزبەکان پۆلێن دەکرێن، با ئێمەی کوردستانیش چیتر بەچاوی داخراوەوە بەرەو داهاتوو ڕانەکەین. با هەموومان چاو بە ڕابردوو بخشێنینەوە، لە بەڵێن و لێدوان و لێکدانەوەو بۆچوونەکان بپرسینەوە، بەوهۆیەشەوە خاوەنەکانیان پۆلێن بکەین و بیانخوێنینەوە.



2007-11-22

rekarahmed@hotmail.com

# کۆزۆڤۆ لە سەربەخۆیی نزیک دەبێتەوە

سەربەست کانەبی

لەوەتەی پارتی دیموکراتی کۆزۆڤۆ بە ڕێبەرایەتی**'هاشم تاچی'** کە فەرماندەی پێشووی پارتیزانەکانی کۆسۆڤۆ بوو لە هەڵبژاردنەکانی ڕۆژی 18-11-2207 سەرکەوتووە، میدیاکانی جیهانی باس لە پێکهێنانی دەوڵەتێکی تازەو نیشتمانێکی سەربەخۆ دەکەن، کە لەوانەیە لە داهاتوویێکی نزیکدا لە ڕێگەی پەرلەمانەوە دەنگی پێبدرێ.

ڕووپێوی خاکی کۆزۆڤۆ 10880 کیلۆمەتری چوارگۆشەیە، ڕێژەی 88% دانیشتوانەکەی ئاڵبانی و ڕێژەی 7% سرب و ڕۆم و تورکن. بە پێی سەرژمێری ساڵی 2002 دانیشتووانی کۆزۆڤۆ تەنیا دوو ملیۆن و 180 هەزار کەس بووە، لە شاری پریشتینا کە پێتەختی کۆزۆڤۆیە نزیکەی 200 هەزار کەس دەژین،

بەهۆی یەکەمین شەڕی جیهانیەوە کۆزۆڤۆ وەک هەرێمێکی سربستان دیاریکرا. لە شەڕی جیهانی دووهەم لە لایەن ئاڵبانیەکانەوە ڕزگارکرا، دواتر لە ساڵی 1944 پارتیزانەکانی یۆگۆسلاڤیا بە ڕێبەرایەتی **تیتۆ** ئەو هەرێمەشیان خستەوە سەر یوگسلافیا، دواتریش وەکو هەرێمێکی ئۆتۆنۆمیدار دیاریکرا.

دوای هەڵوەشانەوەی بلۆکی بەناو سۆسیالیست و ڕووخانی ڕژێمی کۆمۆنیستی یوگوسلافیا کێشەی نەتەوەکان لەو وڵاتە وەدیار کەوتەوە. چەندین هەرێمی وەکو مەسەدۆنیا، بۆسنە هەرزەگۆڤین، دواتریش مۆنتینیگرۆ سەربەخۆیی خۆیان وەدەستهێنا، دانیشتووانی کۆزۆڤۆش داخوازی سەرخۆبوونیان کرد، بەڵام بە بڕیاری **سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ** سەرکۆماری ئەوکاتی یوگسلافیا ئۆتۆنۆمیەکەی هەڵوەشایەوەو وەک پارێزگایێکی سربستان پێوانەی بۆ کرا، ئەمەش لەلایەن زۆرینەی




خەڵکی کۆزۆڤۆوە ڕەت کرایەوە. ئەلبانیە نەتەوەییەکان خۆیان کۆکردەوە، بە ڕێبەرایەتی هاشم تاچی دەستیان بە جولانەوەی چەکداری کرد و دروشمی سەربەخۆییان بەرزکردەوە، بەڵام سربستان لەجیاتی وەڵامی داخوازیەکانیان بداتەوە، کەچی بەبیانۆی سەرکوتکردنی یاخیبووانەوە!! شاڵاوی لەنێوبردنی خەڵکی کۆزۆڤۆی دەستپێکرد، سربە ڕەگەزپەرستەکان زۆر دڕندانە جەنگێکی خوێناویان دژ بە دانیشتووانی کۆزۆڤۆ بەڕێوە برد، بەوهۆیەشەو هەزاران کەس کوژران و بریندارکران، دەیان گوندو ئاوایی چۆڵکران، سەدان ژن و منداڵ ڕەشەکوژ کران، ئەوانیش بەوێنەی کوردان لە گۆڕی بە کۆمەڵدا زیندە بەچاڵ کران، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە هاواریانەوە هات و لە ساڵی 1999 بڕیاری دا کە هێزەکانی سربستان لە ماوەی دیاریکراودا پارێزگای کۆسۆڤۆ بەجێ بێڵن، بەڵام میلۆسۆڤیچ بڕیارەکەی ڕەتکردەوە، ئیدی هێزەکانی پەیمانی ناتۆ لەسەر پێداگری ئەمریکا بنکە سەربازیەکان و ناوەندە بازرگانیەکانی سربستانیان بۆردمان کرد، دواتر بەپێی ڕێککەوتنێک هێزە سەربازیەکانی سربستان لە هەرێمی کۆزۆڤۆ کشانەوە، هێزەکانی ئاشتی پارێزی نێودەوڵەتی تێدا جێگیربوون، تا ئێستاش هێزەکانی ئاشتی پارێز پارێزگاری لە هەرێمەکە دەکەن. دوای جێگیربوونی هێزەکانی ئاشتی پارێزی نێودەوڵەتی، لە 4-3- 2002 هەڵبژاردنی گشتی بەڕێوەچوو، **دکتۆر ئیبراهیم روگۆڤا** کە مرۆڤێکی نیشتمانپەروەرو میانڕەوبوو سەرکەوت، وەکو سەرۆکی هەرێمەکە دەست بەکاربوو، ڕۆژی 1-1-2006 کۆچی دوایی کرد.

ئیبراهیم روگۆڤا لە 2-12-1944 لەبنەماڵەیەکی کۆمۆنیستی لەدایک ببوو، لەباوەشی دایک و باوکێکی کۆمۆنیست گەورەببوو، بەڵام بۆ خۆی مرۆڤێکی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەر بوو. لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەی هەرێمی کۆزۆڤۆدا زۆر لێبڕاوانە تێدەکۆشا، سەرەنجام بەهۆی ئەو تێکۆشانەیەوە لە ساڵی 1998 خەڵاتی ئاشتی زاخارۆڤی پێبەخشرا.

چاودێران پێیانوایە کە ئیبراهیم روگۆڤا سەرکردەی هێورکردنەوەو چەسپاندنی ئارامی و هێمنایەتی کۆزۆڤۆبوو، بەڵام هاشم تاچی دەبێتە سەرکردەی سەربەخۆیی، زۆریش نزیکە کە ئاڵای کۆزۆڤۆ لەتەک ئاڵای وڵاتانی سەربەخۆی دیکەدا بەرز بکرێتەوە.

وێڕای ئەوەی کە سربستان و ڕوسیا زۆر شێلگیرانە دژی سەربەخۆیی هەرێمی کۆزۆڤۆ تێدەکۆشن و دەیانەوێ هەرێمەکە گۆشەگیرو پەراوێز بکەن، بەڵام یەکێتی ئەوروپاو ئەمریکا پشتی خەڵکی کۆزۆڤۆ بەرنادەن، دەیانەوێ گوێ لەویست و ئیرادەی گەلی کۆزۆڤۆ بگیرێ، تەنانەت ویست و ئیرادەی گەلی کۆزۆڤۆ هێندە بەهێزە کە دەرفەتی گەڕانەوەیان پێنادات، ئەمڕۆ سەربەخۆیی و پێکهێنانی نیشتمانێکی سەربەخۆ بۆتە ویست و ئیرادەی هەموو خەڵک، سەرکردەکان لێبڕاوانە لەگەڵ داخوازی نەتەوەکەیان دا سیاسەتی دەکەن و دژ بە ویستی ئەوان ڕەفتار ناکەن و لێدوان نادەن.

لەماوەی ڕابردوودا هەندێک نووسەری کورد بەراوردیان لەنێوان ئیرادەی سەربەخۆیی خەڵکی کۆزۆڤۆ گەلی کوردستان دا کردبوو، بۆیە من نامەوێ ئەم پرسیارە بوروژێنم، تەنیا دەڵێم:" ئێمەی کوردستانی لە دواوی کاروانی سەربەخۆیی نیشتمانی داین، دەبێ خۆمان کۆبکەینەوەو پڕهیواتر لە ئاسۆ بڕوانین"

زۆرێک لە چاودێران و تۆژەرانی سیاسی سەریان لەو ڕازەدەرناچێ و ئەو گرێ کوێرەیان بۆ ناکرێتەوە، چونکە بەهیچ شێوەیەک بەراورد لەنێوان ڕاپەڕین و سەرهەڵدان و شۆڕشە خوێناویەکانی گەلی کوردستان و خەباتی خەڵکی کۆزۆڤۆ ناکرێ. ئێمەی کوردستانی نزیکەی یەک سەدەیە بە بەردەوامی لە شۆڕش و خەبات داین کەچی تا ئێستا بە مافە ڕەواکانی خۆمان نەگەیشتووین، هەر دیل و ژێردەستە و داگیرکراوین، بەڵام براقی سەربەخۆخوازی گەلی کۆزۆڤۆ لە ماوەی چەند ساڵێک خەبات دا توانیویەتی هەم هەستی سەربەخۆخوازی لە دەروونی خەڵکەکەی زیندوو بکاتەوە هەمیش دۆست و هاوسۆز بۆ کێشەکە پەیدا بکەن، ئەوەتا ئەوان بەرەو سەربەخۆی دەڕۆن، ئێمەش دوای ئەو هەموو خەبات و تێکۆشانە چاو لەمۆڵەق ڕاوەستاوین، جیهانیش بە سەرسوڕمانەوە سەیرمان دەکات!

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com